ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

ISO دروستکردن بە Nero.

نووسەر: @:

**پەرگەی ISO چیە؟**

پەرگەی ISO وەک ڕوونووسێک بۆ پەرگە یان گۆمەڵە پەرگەیەکی ئەسڵی دەژمێردرێت، چوونکە هەمان پەرگە و زانیاری لە خۆ دەگرێت کە پەرگەی ئەسڵی لە خۆی گرتووە.

سوودی دروستکردنی ISO ئەوەیە کە کۆمەڵێک پەرگە پێکەوە دەپێچێتەوە وەک ئەوەی کە لە شوێنی ئەسڵی خۆیان دا بن. بۆ نموونە دەتوانرێ پەرگەیەکی ISO لە سیدیەک دروست بکرێت، کە هەمان پەرگە و زانیاری سەر سیدیەکەیە دەبێتە پەرگەی ISO واتە سیدی ڕوونووس کردن بە شێوەیەکی هاوڕەنگ. هەروەها پاشان بە بێ گۆڕانکاریکردن و دەستکاریکردنی پەرگەی ISO دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بسووتێندرێتە سەر سیدی.

پرۆگرامی تایبەت زۆرە بۆ دروستکردنی پەرگەی ISO، بەڵام زۆربەی پرۆگرامەکانی سیدی سووتاندن ئەو تایبەتمەندیەیان هەیە و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک دروستی دەکەن. لەم بابەتەدا چۆنیەتی دروستکردنی ISO لەگەڵ پرۆگرامی بەناوبانگی سیدی سووتاندن Nero Burning Rom 6 شیدەکەمەوە. پرۆگرامی Nero Burning Rom 6 بکەوە.

پاشان ئەبێ دڵنیا بیت کە Image Recorder وەک تۆمارکەری پرۆگرامەکە هەڵبژێردراوە. بۆ دڵنیا بوون لە لیستەی Recorder کرتە بکە سەر Choose Recorder، پاشان Image Recorder دەستنیشان بکە و OK کرتە بکە.

بە شێوەیەکی ئاسایی پەنجەرەی هەڵبژاردنی کارێکی نوێ دەکرێتەوە، گەر نەکرایەوە لە لیستەی File کرتە بکە سەر New.




لەبەشی شێوەی کارەکاندا ISO / CD-ROM دەستنیشان بکە و پاشان New کرتە بکە.




وەک سیدی سووتاندنێکی ئاسایی، پەڕگەکانت لەبەشی ڕاستی پرۆگرامەکەوە واتە (ژمارە 3 لە وێنەی سەرەوە)، ڕاکێشە بۆ نێو بەشی چەپ / 4.

بۆ دەست پێکردنی دروستکردنی پەڕگەی ISO کرتە بکە سەر ئایکۆنی ژمارە 5. هەروەها دەتوانرێ لە لیستەی Recorder دا کرتە بکرێتە سەر Burn Compilation / Ctrl+B.




ISO هەڵبژێرە وەک فۆرماتی پاشەکەوتکردن. پاشان لە شوێنێکی کۆمپیوتەرەکەتدا پاشەکەوتی بکە.

بەو شێوەیە دروستکردنی پەڕگەی ISO دەست پێدەکات.




پاش چەند چرکەیەک یان خولەکێک پەیامێک دێتە پێشەوە، نووسراوە سووتاندن بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.




بەو شێوەیە هەموو بەکارهێنەرانی Nero دەتوانن لەگەڵ Nero Burning Rom دا پەڕگەی ISO دروست بکەن.
کۆتایی.

Oct 2005 31

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت